## کەسیک بانگم دەکات

لە غوڕابی خەو دا بوو کە بانگی کرد. ئەوە بۆ هەڵناستی نوێژی نیوەڕۆیە! ئەگەرچی ئەو پێی خۆش نەبوو لەوە خەوەخۆشەی بەرەبەیان ڕاست بێتەوە، بەڵام نەیزانی بۆ لەسەر جێ وبانەکەی هەستاوەتە سەرقوون. چاوی هەڵ نەهێنا تا بزانێ بەم بەرەبەیانە زووە کێی هەرای لێ کردووە؟ بیری کەوتەوە ماوەی چەند ساڵێکە خانەنشین کرابوو نەدەچۆوە بۆ دایرە، هیچ شوێنێکی شک نەدەبرد کاری لێ بکات، تاکوو بەم بەیانیە زووە بۆی لەخەو هەستێ. بیری کردەوە ئەو دەنگە دەبێ کێ بووبێ، لەدەنگی خێزانی نەدەچوو! دڵنیا بوو دەنگی وەک دەنگی منداڵەکانی نەبوو. ئەی بڵێی کێ بێت بەو کەرەی بەیانییە گەیشتبێتە سەری؟ تۆبڵێی دز نەبێت ؟ لەدڵی خۆی دا بە خۆی پێکەنی.

ئەوە بڵێی چ دزێک بێت! بێتە سەرت هەرات لێ بکا؟-

بیری کردەوە بڵێی کێ بێت هاتبێتە ناو ژووری خەوەکەم، هەرای لێ کردم؟ نەرمە پرخەی خێزانی لەو خەو وهۆشیاریە ڕاپەڕاند. چاوەکانی دوو سێ جار هەڵگلۆفی، بیری کردەوە لای سەیر بوو خێزانی چۆنە گوێی لەو هەرا کردنە نەبووە؟ ئاخر لەوەتی وەبیری دەهاتەوە تا گوێی لەدەنگی بەجۆرێک دەبوو وەک کارەبا لێی دابێت، گورجێک دەردەپەڕێ. چاوێکی لە خێزانی کرد بوو، خەوتبوو. ئەم پرسیارە مێشکی ختووکە دابوو، بڵێی جەڵتە لێی نەدابێ وا ئەم قاو کردنەی نەژنەوی بێ! نا! ئەوەنییە پرخە پرخی دێ. چاوی بە ژووری خەوەکەدا

گێڕابوو، کەسی وەبەر چاو نەکەوتبوو، هەستابوو چووبووە هاڵەکە، لەوێش کەسی نەدی بوو. بیری کردەبۆوە خۆدەنگەکە لە کۆڵانەوە نەکەوتبووە بەر گوێی، زۆر نیزیک بوو. هەرچەند چاوەکانی بەستراو وخەواڵۆ بوون، بەڕوونی قەڵافەتی ئەوکەسەی بانگی کرد بوو بۆ چاوتروکانێک بینی بوو. ا

مرۆیەکی کورتەباڵای سەوزە بوو. کراسێکی سەوزی بەهاری لەبەردابوو. شەپکەیەکی ڕەشی لەسەر نابوو، قژەسەری لەپشتەوە وەک کلکی ئەسپ بەستبوو و لەژێر کڵاوەکەیەوە هێنا بووە

دەرێ، وەک ئاڵا شەکابۆوە.

تەواوی کەلێن و قوژبنی ماڵەکەی پشکنی بوو، تەنانەت سەری کێشابووە ناو ژووری خەوی منداڵەکانیش، کەسی نەدی بوو. ئەوەندەی وەبیری هاتبۆوە خەونیشی نەدەدیت. چووبووە بەر ڕووشۆریەکە دەست و دەم وچاوی شۆردبوو. دەستی دابووە خاولەکە دەم وچاوی ویشک بکاتەوە، لە ئاوێنەی بەر ڕووشۆریەکەوە بۆ چاو لێک نانێک پیاوێکی کورتە باڵای لەپشت خۆیەوە دیت بوو. کراسێکی سەوزی بەهاری لەبەردا بوو. ڕیزێک ددانی ورەدی سپی لەدەم دابوو بەو پێدەکەنی. شەپکەیەکی ڕەرشی لەسەر نابوو، قژەسەری لەپشت سەریەوە چەشنی کلکی ئەسپ لەژێر کلاوەکەیەوە هێنا بۆوە دەرێ، وەک ئاڵا لە ئاوێنەکەدا شەکا بۆوە. بیری کردبۆوە ئەگەر هەرا کردنەکەش ڕەنگە خەون بووبێ وگوێی زرینگابێتەوە، بە

دڵنیایەوە خۆ ئەمەیان بەلایەوە خەون نەبوو؟ بۆیە بە پەلە ئاوڕی دابۆوە. بەڵام جگە لە چەند ڕیز کاشی سپی هەور ومانگی ڕووکاری دیوارەکە هیچی تری لێ نەبوو.

هەوایەکی کش وماتی بوو. لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژ تێپەری بوو بەبۆنەی هەواکەوە دەت گوت بەرە بەری بەیانە. هەورە بۆرەکان بەبێ ئەوەی خۆیان شلوی بکەن، بەدڵکراوەییەوە نەرم نەرم بارانەیان بەوڵاتەوە وەر دەکرد. ئەو خۆی ساز کردبوو بڕواتە دەرێ، خێزانی بەدەم خەوەوە، تەنیا چاوێکی لێ بز کردبۆوە، پرسیاری کردبوو ئەوە بەو بەیانە زووە وهەور وبارانە بۆ کوێ دەچێ؟ ئەو تەنیا چاوێکی لێ کردبوو، ئەویش بێ ئەوەی شتێک بڵێ خەوتبۆوە.

ماشێنەکەی لە کارێژ هێنابووە دەرێ. پڕیشکی بارانە شوشەی ماشێنەکەی لێڵ کردبوو. لەسەر دەوری هێور فلْچەی خاوێنکردنەوەی هەڵکرد بوو. سارد وگەرمی ناو ماشێنەکە و دەرەوە تەمێکی خەستی بە شوشەکانی ماشێنەکەدا ساوێ بوو. لەدەرەوەی ماشێنەکەوە دڵنیا بوو کەس ئەوی نەدەناسیەوە، هەر وەک ئەوەی ئەم کەسی لەدەرەوە بۆ نەدەناسراوە. مرۆڤەکان لە پیادەڕەوی شەقام وەک تاپۆ دەر دەکەوتن، بەپەڵە خۆیان دەخزاندە ژێر کەپرۆکەی بەر دووکانەکان. لەگەڵ ئەوەی رۆژ درەنگ بوو، تاق وتەرا دووکان کرا بوونەوە. ئەو بەدەستەڕاستی بلْواری کوردستان دا پێچابووی بەرەو فەلەکەی فەرمانداری. لە سێ ڕای سەنگینیەوە سێڵاو لەناو قاناوەکانەوە هێقی دابۆوە، خەریک بوو پیادەڕەوەکانی داگیر دەکرد.

ڕێبواری تاق وتەرا بۆئەوەی لاق وقولیان تەڕ نەبێ، دەپڕینەوە ئەوبەری شەقام. شەپۆلاوی تاکسی شار کە بەتیژی دەئاژوان، شوشەی ماشێنەکانی تریان بەیەکجاری سواغ دەدا. بۆ چاوتروکانێک ماشێنی بە شۆفیرەکان دەوێستاند. لەفەلەکەی فەرمانداری وەک هەمیشە ئاو پۆنگی خواردبۆوە. بۆئەوە دەبوو بەگەمی ئەوبەرە وئەوبەری مەیدانەکە بکەی. ئەو گێژ، گێژ، پێچابووی بەرەو شەقامی قەراغ چۆمی. لەخۆوە ئەو پرسیارە هات بوو بەمێشکی دا! بڵێی ئاو بەستێنی چۆمی پڕ کردبێت؟ گەیشت بووە ساحلی. ئاو رووکاری شەقامی گرت بوو، تا ناوقەدی باخچەی ناوەڕاست شەقامەکە هات بووە سەرێ. تاگەیشتنی ماشێنێک کەدرۆی ڕووکاری شەقامەکەی لا دەر دەخست، لای وا بوو لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری وێنیز بە ماشێن پیاسەی کردوە. چووبووە سەر پردەکەی کۆسە، هێندێک شوشەی بەری لای خۆی ماشێنەکەی هێنابووە خوارێ. وردە باران بەدەم باوە خۆیان خزاندبووە ناو ماشێنەکە ودەم وچاویان تەڕ کرد بوو. ئاو بەهێوری مەودای سەرچاو وبناری پردەکەی بڕی بوو. ئەرخەوانە سوورە بەتاڵووکە خۆی لە کەلێن وقوژبنی ماڵی چۆمی رادەکرد، چەشنی تەتەری چوختی هەواڵی کوێستانی بۆ زەریا دەبرد. بە دەستەچەپدا پێچا بووی بۆ بەندەکەی کۆسە، لەوەتی وەبیری هاتبۆوە هەتا دلی گیرابوو هاتبووە قەڕاغ چۆمی، خوڕەی ئاوی چۆم خەمەکانی دلی ڕەواندبۆوە و هەستی بەسووک بوونێکی خۆش کرد بوو. وەک کەسێک کۆڵێکی قورسی لە کۆڵی داگرتبێ.

ماشێنەکەی لە لێواری چۆمەکە ڕاگرتبوو بەجۆرێک بیەوێ ئاوی بدات. باران لەشوشە نیوە کراوەکەوە لا ڕوومەت وشانی چەپی خووساندبوو. شوشەکەی هەڵدابۆوە. زرم و کوتی باران لەسەر سەربان و تەنیشتی ماشێنەکە لە لایەک و خوڕە خوڕی ئاوی چۆمی وسەران سۆکردنی لەگەڵ تاتە بەردەکان، جۆرێک ئاهەنگیان لای ئەو ساز کردبوو. لەگەڵ ئەوەی هێوری کردبۆوە کەمێکیش ترساندبووی و تۆوی دڵەڕاوکێیەکی نادیاری لە دلی دا وەشاند بوو. سەری نابووە سەر فەرمانی ماشێنەکەی. لە خەو و وشیاری دا گوێی لەدەنگی تەقەی دەستی کەسێک لەسەر شوشەی ماشێنەکەی بوو. پیاوە کراس سەوزەکەی ماڵێی بینی بوو، بەسەری پەنجەی دەستی لەشوشەی ماشێنەکەی بەری ئەوی دابوو. ئەو سەری بەئاستەم لەسەر فەرمانەکە بەرز کردبۆوە و سیلەچاوێکی تێ گرت بوو.

سڵاو.

هەمان پێاوەکەی ماڵێ بوو. ئەم جارەیان کراسێکی نارنجی بێ قۆڵی لەبەر دابوو. کڵاوە رەشەکەی بەسەرەوە بوو، پرچی وەک ئاڵا لە ژێر ڕێژنەی بارانە دا بەبێ ئەوەی تەڕ بێت وەک ئاڵا دەشەکاوە. سەری نابۆوە سەر فەرمانەکە و پرسیاری لێ کرد بوو.

تۆ کێی؟ بەم بەیانییە چت لە گیانی من دەوێ؟ ئەمڕۆ بۆ بەربینگت بەمن گرتووە؟

پێاوەکە ڕووی لێ وەرگێڕابوو. پشتی نابوو بە دەرکەی لای ئەوەوە.

من شەریفم.

شەریف لای ئەو هەموو مرۆیەکی دەگرتەوە تا کردەوەیەکی ناشریفانەی لێ نەوەشا بایەتەوە. پیاوەکە وتبووی ئەو شەریفایەتیە نالێ، ئەو هەر ناوی خۆی شەریفە. ئەو هێندەی تر ترسا بوو. ئەو کابرایە ئاگای لەمێشک ودڵیشی بوو.

- شەریف! مەبەستت شەریفی ملوانکەی شینە؟

پیاوەکە وتبووی نا. ئەویش شەریفێکە وەک ئەو شەریفە. ملوانکەشی هەیە، بەڵام شەریفی ملوانکەی شین نییە. وتبووی ملوانکەی ئەو سەوزە، جار جارەش دەبێتە ملوانکەی گڕ وئاگر. ئەو چاوێکی گورگەمێش لێ کردبوو، بینی بووی لەژێر بارانەکەدا وێستاوە، بەڵام تنۆکێک باران چییە وێی نەکەوت بوو. گەرمایی لەشی شوشە و دەرکەکەی گەرم داهێنابوو، دیت بووی هاڵاو لەسەر لاشانی چەپی کۆتەکەی هەڵدەستی. هێندەی تر ترسەکەی گەشابۆوە. شووشەی لای خۆی هێنابۆوە خۆاری تا جوانتر قەڵافەتی ببینێ، لەبەر روونی کرانەوەی شووشەکە، دیتبووی لەوێ نەماوە! بۆ دڵنیایی دەستی بردبووە دەرێ، جێ قونی لەسەر دەرکەی ماشێنەکە گەرم بوو. ڕەنگی هەڵبزرکابوو، خێرا ماشێنەکەی هەڵکرد بوو بەرەو شار گەڕابۆوە.

بارانە هەروا دەباری. جار جار ورد ورد و جار جاریش بۆ چەند خولەکێک گۆپاڵ باران شڵپ و کوتی لە عەرزی ساز دەکرد. ئەمڕۆ لەو رۆژە بارانیەدا چەشنی جاران خەمەکانی وەک هەموو جارێک نەڕەوی بۆوە هیچ، هێندەی تر بەدەیتنی ئەو کابرا قژدرێژە دڵی گیرابوو. سەری لێی سووڕ مابوو لەوەی کە پێی کوتبوو ناوی شەریفە وهەر تاوێ بەکراسێکی بێ قۆڵەوە خۆی نیشان دەدا. گەیشت بووە فەلەکەی فەرمانداری، سێلاوکە خۆی خزاندبووە ناو قاناوەکانەوە ولیتەیەکی سوور وخەستی لەسەر موزاییکی پیادەڕەوکان جێ هێشت بوو. شەش حەوت کەس سپووری شارەوانی بەشیش و دار تۆڕی بەر قاناوەکانیان خاوێن کردبۆوە. خەرمانێکیان بتڵی خاڵی ئاو ولایلۆن لە قەراغ شەقامەکە هەڵدابۆوە. لە شانی ڕاستی میدانەکە دوو خێوەتی مانگی سوور و کۆمیتە لە ژێر باران دا بەمەودای دەمیتر لەیەک هەڵدرابوون. چۆڕاوگەی باران بە ژێریان دا دەڕژا ناو قاناوەکە. لەبن هەرکامیان دوو سێ لاو بەجلی تایبەتی مانگی سوور وکۆمیتە لەسەر کورسی دانیشت بوون. بۆ ئەوەی لاقیان تەڕ نەبێ هەر دوو لاقیان نابووە سەر کورسی بەتاڵی ڕووبەڕوەکەیان. کەس دیار نەبوو. لەژێر خێوەتەکان غەیری دوو سەندووقی شوشە کەهێندێک پووڵی کاغەزیان تێدا بوو هیچی تری نەکەوت بووە بەرچاو.

ماشێنەکەی خست بۆوە ناو کاڕێز وچوو بۆوە ژووری. هەموو هەستابوون نانی بەیانیان خوارد بوو، هێند مڕ ومۆچ بوو. خێزانی هیچی لێ نەپرسی بوو. ئەو کوت بووی نانی بۆ

دابنێن وسەیرێکی سەعاتەی کردبوو، تەلەویزیۆنی هەڵکردبوو. چاوی لێ بوو سێڵاو چەند شاری باشوری ئێران و پارێزگاکانی ئیلام و لوڕستانی کاول کردبوو. سێڵاو دەیان دێی ڕامالّی بوو، شوێنەواریان نەمابوو. بەدەم نانخواردنەوە بیری هەر لەلای سێڵاو لێدراوەکان بوو، بەخۆی کوت هەر دەڵێن باران ڕەحمەتە!، ڕەحمەتە!. ئەوە حەوتویەکە یەک بین دەبارێ. تەلەویزیۆن وێنەی ژن ومندالّی نیشان دەدا ماڵ وحالّیان نەما بوو، لەژێر باران دا هەڵدەرزین.

ئەو لەنێو کورسیەکی پەلاستیکی دانیشت بوو، تاوێک ئۆقرەی نەدەگرت. چاوی وەک دالّ بەچوار دەوری خێوەتەکەیان دا گێڕا بوو، تا کردەوە وئاکاری هیچ کەسێکی لێ شاراوە نەبێ. ئاخر لە هەموو مێدیا حکومی وغەیرە حکومی دا بڵاو کرا بۆوە جگە لە ڕێکخراوەی مانگی سوور و کۆمیتەی ئیمداد هیچ ڕێکخراوە وکەسایەتیەک مافی ئەوەی نییە یارمەتی بۆ سێڵاو لێدراوان کۆکاتەوە. ئەو دوێنێ بەیانی نامەیەکی بۆ هات بوو کە کاتژومێر شەشی ئێوارێ بۆ بەشداری کردن لە پێک هێنانی کەمپەینی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ سێڵاو لێدراوانی پارێزگای ئیلام و لوڕستان بچێتە کتێبخانەی یەکێک لە ڕێکخراوە مەدەنیەکانی شار. بیست کەسایەتیەک بە ژن وپیاو لەکۆی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی شارەوە کۆببوونەوە. ئەم وهەشت کەسی تریان وەک شووڕای بەرێوەبەری کەمپەینەکە هەڵبژارد بوو. ئەو بەر لە هەڵبژارنەکەی کوت بووی بە بڕوای ئەو وا باشترە کەمپەین ساز نەکەن. کاریان بەو سەرێشەیە نەبێ، ئەوەنییە

بەردەوام لە هەموو شوێنێکەوە دەڵێن کەس جگە لە مانگی سوور وکۆمیتە مافی کۆکردنەوەی یارمەتی نییە!

وت بووی ئەگەر هاتینە مەیدان، دەبێ چاوەڕوانی زۆر شتی ناخۆش وچاوەڕوان نەکراویش ببین. ڕەنگبێ بەریان پێ بگیرێ. دەبێ ماوەی کەمپەینەکە دیاری بکرێ وبەهەر شێوەیەک بێت تا کۆتایی ماوەی کەمپەینەکە کۆڵ نەدەن. وت بووشی هەرچەند نابێ چاوەڕاونی ئەوە لەخەڵک بکەن کە چەشنی کەمپەینی کۆ کردنەوەی یارمەتی بۆ بوومەلەرزەی کرمانشان بە لێشاو یارمەتیان بۆ بێنن. دوو ڕۆژ بوو مانگی سوور وکۆمیتە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی لە فەلەکەی فەرمانداری خێوەتیان هەڵدا بوو، خەڵک تەنانەت بتڵێکی ئاوی چکۆلەشیان بۆ نەبرد بوون.

هەوا کش ومات بوو. جار جار پڕیشکە بارانێکی ورد نمێکی فێنکی لە سەر وچاو دەپرژاند. بەپێی بڕیاری پێشوو، سەر لەبەیانی هەموو ئەندامانی کەمپەینەکە لە فەلەکەی فەرمانداری کۆ ببوونەوە. خێوەتێکیان هەشت گەز دوورتر لە خێوەتی کۆمیتە هەڵدابوو. زۆربەی ئەندامانی کەمپەین جگە لە ژنەکان لیباسی کوردیان لەبەر کردبوو. لە سێ لای خێوەتەکەوە بەنێری زاگرۆس چاوەڕێمانە هەڵواسی بوو. ئەوە دورشمی کەمپەینی هەموو شارە کوردەکان بوو. بەشێک لە ئەندامانی کەمپەین، هێندێکیان برینج و ڕۆن کڕی بوو لە بەردەم خێوەتەکە ڕوو لە شەقام دایان نابوو. خەڵک بە دیتنی ئەو کەسایەتیانە ڕوویان کردبووە خێوەتەکە. بەگوێرەی توانا پووڵ و برینج و

ڕۆنیان بۆ هێنابوون. بەر لە نیوەڕۆ تەلەفوونیان بۆکرا دەبێ ئەو بەنێرانە بگۆڕن. نابێ ناوی زاگرۆس بە بەنێرەکانەوە ببێ. زاگرۆس بڤەیە! بۆ ئەوەی کێشە ساز نەبێ بەپەلە بەنێری تازەیان نووسی بۆوە، کۆی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی شار. خەڵک بەو گۆڕانکاریە زیاتر ڕوویان کردبووە خێوەتەکە. هەرکەسێک بەو دەڤەرەدا تێ پەڕی بایە، یەکێک لە ئەندامانی کەمپەینەکە بەدڵنیایەوە دەیناسی و بانگی دەکردە ژێر خێوەتەکە.

سڵاو

سڵاو

کاکە ئێرە وەک ئاگادارن کەمپەینی کۆی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی شاری بۆکانە، پێوەندی بە هیچ کوێوە نییە. خۆشمان یارمەتیەکان دەبەین بۆ ناوچەکە، دەیان دەینە دەست خودی سێڵاو لێ دراوەکان. خەڵک لەچاو دەست کورتی ونەبوونی کار وقەیرانی ئابووری، روویان کردبووە خێوەتەکەیان، هەمە جۆر یارمەتیان بۆ بردبوون.

پیاوێکی پیری خڕیلانەی تێک سمڕاو هات بووەژێ خێوەتەکەیان ولە تەنیشت ئەو دانیشت بوو، پرسی بوو مام میرزا ئەوە پووڵ بۆ ئەو سێڵاو لێدراون کۆ دەکەنەوە؟ کوت بووی ساڵێکیان لەم شارەش سێڵاو هەستاوە و هەموو دێهاتی سەر ئەو چۆمە ئاو بردویە. ئەو کات خەڵک فەقیر ونەدار بوون، هیچیان نەبووە. هەر نان و ئارد و خورمایان کۆ کردۆتەوە. دەوڵەت خێرا خێوەتی بۆ هەڵداون. ئەوکاتی

ماشێنی باری هەر گاز بوون. پیاوێک دوایە بوو بە حاجی، سێ ماشێنی گازی هەبوون. ماشێنێکی ئارد بردبۆوە ماڵی خۆیان، خەڵک پێیان زانی وماشێنە ئاردەکەیان بەڕۆژی ڕوون لەماڵ هێنا دەرێ. ئەم وت بووی خاڵە گیان ئەوانەی دەیان بینی هەموو دەوڵەمەندن. پێویستیان بە هیچ نییە. پیرە پێکەنی بوو. ددانە شاشەکانی وەدیار کەوت بوو. دەستی کرد بوو بە گیرفانی دا چەند پووڵی وردەی کاغەزی خست بووە ناو قتوولەکەیانەوە.

لە دووهەم ڕۆژی کەمپەینەکەدا هەر لە شەوی پێشووەوە باران توند دەستی پێ کردبۆوە. بەیانی زوو چەند کەسێک دەم و دەزگایی کۆ کردنەوەی یارمەتیان دامەزراندبۆوە. لەگەڵ ئەوەی کەم کەس لەدەرێ بوون، خەڵک یارمەتی بۆ بردبوون. ئەوان پێشتر چوار کەسیان بۆ هەڵ سەنگاندنی وەزعەکە نارد بووە لوڕستان. سەعات دەور وبەری یازدە تەلەفوونیان کرد بوو.

ئەلۆ

ئەلۆ

کاکە وەزعەکە لێرە زۆر خراپ ترە لەوەی باسی دەکرێ. ڕێگاکان بەشی هەرە زۆری خراپ بوون. پردەکان ئاو بردوونی. کوڕەکان لە مامۆلان کەمپیان لێ داوە. لەگەڵ کوڕگەلی شارە کوردەکان ژوورێکی هاوکاریمان پێک هێناوە. قوتابخانەیەکمان کردۆتە بنکە.

- زۆر باشە دەستتان خۆش بێت. چیتان زۆر پێویستە بڵێن با بۆتان بنێرین.

چەکمە، بێڵ ئاسن، خواردەمەنی، ئاو وکەرەسەی پێوستی ژنانە.

کەس ڕووی نەکردبووە خێوەتی مانگی سوور وکۆمیتە. مانگی سوور سەر لەبەیانی خێوەتەکەی کۆ کردبۆوە. کوڕانی کۆمیتەش کز ومات لەژێر خێوەتەکەیان کشمۆڵە ببوون. ئەوە جۆرێک دەمەلاسکێ و بەربەرکانێ وبێ بڕوایی جەڵکی بوو بە دەوڵەت ودەزگاکانی. سەر لەبەیانی سێهەمین ڕۆژەوە بڕ وبیانو وبەهانە لە لاین دەزگا ئەمنیەکانەوە دەستی پێ کردبوو. ماشێنێکی سواری بۆر لە بەر خێوەتەکە وێستا بوو. پیاوێکی حوجەی چاوشین لەماشێنکە دابەزی بوو. سەرێکی تاس و وەردە ڕیشێک وڕیزێک ددانی گڕی زەرد، چاوە شینەکانی مەکربازتر نواندبوو. کوڕانی کەمپەین بە بینینی ئەو زرتە زەلامە، دڵیان کپ و لەشیان داهێزرا بوو. بەزمانی فارسی وتبووی:

• ئەگەر زەحمەت نییە یەکتان وەرنە نێو ماشێنەکەوە کەمێک قسە دەکەین

ڕێبوار خێرا چوبوو سواری ماشێنەکە ببوو ولە خێوەتەکە دوور کەوت بوونەوە. پاش سەعاتێک ڕێبوریان هێنابووە تەنیش خێوەتەکە دایان نابوو وڕۆیشت بوون. ڕێبووار گێڕابوویەوە پێ یان وتووە ئەوە حوکمی دادستانی گشتی ئێرانە، جگە لە مانگی سوور و کۆمیتە کەس مافی

کۆکردنەوەی یارمەتی نییە. ئێوەش بۆئەم کارە ئیزنتان لە کەس وەر نەگرتووە، دەبێ کەمپەینەکەتان کۆکەنەوە. ئەمە دەستوورە! ئەگینا بەزۆر کۆتان دەکەینەوە. رێبوار وتبووی ئەوە لە کەیەوە سواڵ کردن ئیزنی دەوێ؟. لەهەموو شارە کوردەکانی پارێزگای کوردستان وئازەربایجان کۆکردنەوەی یارمەتی بەردەوامە. هەر کات شارەکانی ترکۆیان کردەوە، ئێمەش کۆی دەکەینەوە. حوجە وت بووی: ئێمە هەموو ئێوە بەباشی دەناسین. هەمووتان پیاوی باش وناو بەدەرەوەن، لای خەڵکی ڕێزتان هەیە. کارێکی وامەکەن کەرامەتتان بشکێ. ئیمە کۆتان دەکەینەوە، با مەئموور نەهێنین کار بکەوێتە زۆری. خۆتان کۆی کەنەوە باشترە.

بەرلەوەی ڕێبوار بگاتەوە بەر خێوەتەکە،کوڕگەل هەموو کەل وپەلەکانیان جگە لە بتڵی ئاوەکان ڕاگوێزا بووە شوێنێکی ئەمن. کوت بوویان ئەگەر کوهاتن شتەکان بەرن با هەر ئاوەکان بەرن و ئێمەش کارەکەیان لەهەموو شوێنێک لێ لەقاو دەدەین. ڕێبوار بەحوجەی وت بوو ئێمە شووڕامان هەیە، من ناتوانم بەتەنیا بڕیار بدەم. دەبێ بچمەوە قسەیان لەگەڵ بکەم. دوایە پێ تان دەڵییینەوە. ڕێبوار زۆر وەڕەز و تووڕە بوو. هەموو چاوەڕێ ببوون هۆی ئەو گرژی وتوورەیی ئەوانیان بۆ بگێڕێتەوە.

- ئەوەی ڕاست بێت ئەوان دەزانن کەس بتڵە ئاوێکیش نادات بە کۆمیتە، لەوە زۆر تووڕەن. پێ یان وانەبووە خەڵک یارمەتی

ئێمەش بدەن، ئەگینا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە نەیان دەهێشت تاقە بتڵێک ئاویش کۆ کینەوە.

جا کاکە تاوانی ئێمە چێیە خەڵک متمانەی بەدەوڵەت نییە؟

ڕێبوار وت بووی ئەو پیاوە حوجە دەناسێ، خۆی زۆر لەو کارانە هەڵناقورتێنێ. وتی بەویان وتووە ئەم خێوەتە کۆکاتەوە. تکای کردووە خۆمان خێوەتەکە کۆکەینەوە با هەڵا ساز نەبێ ومەئموور نەڕژێتە سەرشەقام.

باران بە لێزمە دەباری، دەت گوت ئاسمان کون بووە و دلۆپە دەکات. شەقام چۆڵ بوو. تاق وتەرا ڕێبوارێک بە چەترەوە بە پیادەڕەو دا بەتیژی دەهات. ئەوەی دەهات هەر ماشێن بوو. لەگەڵ ئەوەی عەسرێکی درنگ بوو وچاوەڕوانی هێنانی یارمەتیەکی وا نەدەکرا، خێوەتەکەیان بە سەڵت وقوڵتی لە سەر پێادەڕەوەکە بەجێ هێشت بوو. شەو هەموو ئەندامانی کەمپەین کۆ ببوونەوە. بڕیاریان دا بوو بەیانی هەموو بەخاو خێزان و دۆست برادەریانەوە دەس بکەنەوە بە کۆ کردنەوەی یارمەتی. تەنانەت ئەگەر لێ شیان بدەن و بیان گرن تا ماوەی دیاری کراو درێژە بە کەمپەینەکەیان بدەن. هەوا گورگە زێ بوو. باران جار جار هەر دەباری و جار جاریش دەبووە تاو وساو. سەر لە بەیانی هەموو ئەندامانی کەمپەین و جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خێوەتەکە کۆ ببوونەوە. خەڵکیش بە دیتنی ئەو قەرەباڵغیە بەردەوام یارمەتیان بۆ هێنابوون. ئەندامانی کەمپەین سەر ودڵ گران بوون. وەک داڵ بەچوار دەوری خێوەتەکەدا چاویان

دەگێڕا. پیاوێکی سەر کوولەکەی کۆت وشەڵوار سپی هات بووە ژێر خێوەتەک. تەپی دابووە سەر کورسییەک وخۆی مەڵاس کردەبوو.  هەموو گیانی کردبووە گوێ. پاش ماوەیەک وت بووی: کاکە لەگەڵ کێشەکە چی تان کرد؟ من پێم وانییە بێڵن کەمپەینەکە بەردەوام بێت. کۆتان دەکەنەوە!

هەموو پێ یان سەریر بوو ئەم سەر کولەکەیە لەکوێوە هاتووە و لەکوێوە ئاگاداری کێشەکەی ئەوان بووە!!. سەر کوولەکە وت بووی ئەو دۆستی نزیکی فەرماندارە، ئەگەر حەز بکەن قسەی لەگەڵ دەکات. بەشکو کارەکەیان جێ بەجێ بێت. کەس ڕوویەکی وای نەدابوویە. کەسێک سەری بردبووە بن گوێچکەی ئەمەوە پێی وتبوو، ئەو سەگبابە بۆ هاتووە بۆ ئێرە!، کێ هێناویەتی؟ وت بووی باشێ دەناسێ. لە زیندان لەسەر ئەو قسەی کردوە، چوار ساڵی ڕەبەقی بە تەنگە دا داوە. کەمپەین تا نیوەڕۆ بەبێ کێشە بەردەوام بوو. لە دوانیوەڕۆوە یەکە یەکە چەند کەسێکیان لە ئەندامانی کەمپەینەکە بانگ کرد بوو بۆ شوێنە جیاوازەکان، هەتا بە هەڕەشە بیان ترسێنن. هەرتاو کاتاوێک لە ژن و لەپیاو نەناس ونامۆ  دەهاتن بۆ ژێر خێوەتەکە دادەنیشتن. هەمووگیانیان دەکردە چاو و گوێ.

کەس تاقەتی ئەو دڵەڕاوکێیەی نەبوو. دەت گوت کایەی دایە مەمدە بەگورگە، گورگە ددانی تیژە دەکەن. عەسر بڕیاریان دابوو لەگەڵ فەرماندار تەلەفوونی قسە بکەن. دوو کەس کە

دۆستی نزیکی فەرماندار بوون تەلەفوونیان بۆ کردبوو، فەرماندار تەلەفوونەکەی لێ هەڵنەگرت بوون. بە سەر کولەکەیان وت بوو ئەگەر تۆ ڕاست دەکەی و دۆستی نزیکی فەرمانداری تەلەفوون بۆ فەرماندار بکە، فەرماندار یەکەو زەنگ تەلەفوونی هەڵ گرت بوو. پاش سڵاو کردنەکە یەکێک تەلەفوونەکەی لەدەست سەر کولەکە دەر هێنابوو. پاش خۆ ناساندن وت بووی: کاکە ئەو دەزگا ئەمنیانە بۆ زۆریان بۆ هێناوین. لە هەموو شارەکان کەمپەینی کۆ کردنەوەی یارمەتی بەردەوامە. ئیمام جومعە و فەرماندار ماوەی سەعاتێک لە فڵانە شار چونەتە کەمپەینەکە دانیشتون. لێرە بۆ زۆرتان بۆهێناوین.

- بەخودا ئەمکارە هیچ پێوەندیەکی بەمنەوە نییە. ئەوە ئەمرێکی سەرتاسەرییە. جگە لە مانگی سوور وکۆمیتەی ئیمداد کەس مافی کۆ کردنەوەی یارمەتی نییە، من بڵێم چی؟. دەبێ بچنە دادستانی ئیزن وەرگرن.

-لەپشت تەلەفوونەکەوە وت بووی جەنابی دوکتور، مەگەر ئەم شارە لەچاو شارەکانی تر چییە. ئەوە نییە لە هیچ شارێک بەرگری لە کۆکردنەوەی یارمەتی نەکراوە. بۆ دەبێ ئێرە جیاواز بێت. جەنابت پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیری، شێخ ولڕەئیسی شاری. ئێمە ناچینە هیچ کوێیەک. کەمپەینەکەش کۆ ناکینەوە، با بێن کۆمان کەنەوە. ئێمە ئەو کارە مێدیای دەکەین و ئەوەش لەچاوی تۆوە دەبینین. تەلەفوونەکەی دابۆوە بە سەر کوولەکە. فەرماندار بە سەر کوولەکەی وت بوو دوو کەسیان بابێن بۆ فەرمانداری قسەیان لەگەڵ دەکەم.

دوو كەس خیرا بەرەو فەرمانداری وەڕێ کەوت بوون. یەکیان بەهاوڕێ کەی وت بوو دەزانێ دوکتور بەر لەوەی ببێتە فەرماندار بەرپرسی زانکۆ بووە. پیاوێکی خوێندەوار وخاوەن قەڵەمە. ئەو جوابی دابۆوە ئەزانێ. وت بووی باشی دەناسێ، ئەوانە هەر نانی دەسەڵاتیان گەزت وقوونیان کورسی ناسی، وەک دووپشکیان لێ تێت. لە بەرا چزە لەوکەسانەوە هەڵ ئەسەنن کەلە هەموو کەس زیاتر لییانۆ نزیکترن، کەسیان وەگیر نەکەفێ تەنانەت وەخۆشیانەوە ئەەن. گێڕابوویەوە خزمێکی مەلایان بووە لە خوشکەزا وخاڵۆزاش ڕا نەوێستاوە، هەمووی بەگرتن داون. ساڵێکیان کەسی وەگیر نەکەوتووە ڕاپۆرتی لێ بدا، بۆ ئەوەی باوەڕی زیاتری پێ بکەن، ڕاپۆرتی لەخاڵی خۆی وبابی ئەو داوە. مەلا زۆر سەگ بووە. خاڵی دوو ساڵ بەر لە ڕاپۆرتەکەی ئەو مرد بوو. باوکی ئەویان دوو ساڵ بەتاوانی ئەندامەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد زیندانی کرد بوو.

فەرماندار کوت بووی کاکە ئێوە دەوڵەتتان بردۆتە ژێر پرسیار. بۆ دەبێ خەڵک ئاوا یارمەتی ئێوە بدات، بەڵام هیچ نادات بە مانگی سوور وکۆمیتە؟. ئەوانە زیاتر نەهادهایەکی خەڵکین تا دەوڵەتی.

-دوکتور گیان بەسەقەت بم، بەخوا ئەمە هیچ خەتای ئێمە تیا نییە؟ ئەم دەوڵەتە کاریەل وەها ئەکا عەبووە کوڕە نەی کردە. خەڵکەکە باوەریان پێی نەماگە . ئەشێ ئەم ئیدارەگەلە کاریەلێک خاس بکەن خەڵک باوەڕ بێرن کە ئەوەی ئێژن ڕاسە.

فەرماندار کوت بووی بۆ ئەوەی کەمپەینەکەیان بەردەوام بێت، دەبێ لەگەڵ مانگی سوور یان کۆمیتە هاوکاری بکەن. یان بچنە ژێر خێوەتی ئەوان یان جلی ئەوان لەبەر کەن. ئەوان پێ ملی هیچ لایەکیان نەبوون. وت بوویان درێژە بەکاری خۆیان دەدەن و ئەوانیش چی دەکەن بابیکەن. ئەگەر کو کارێکی نەگونجاویش کرا، ئەوە بە هەموو مێدیاکانی ناو خۆ ودەرەوە ڕادەگەیاندرێ. تەنیا فەرمانداریش بە بەرپرسیار دەزانرێ. فەرماندار پێشنیارێکی تری کرد بوو. دوو سێ کەس لە کارگێڕانی فەرمانداری بە جلی ئاساییەوە بێنە ژێر خێوەتی کەمپەینەکە، لەگەڵیان دانیشن. ئەوان قەبووڵیان کرد بوو. وت بوویان حەزیان لێیە با لەگەڵیان بچەنە لوڕستانیش.

سەر لەبەیانی تاو وساوێکی خۆش بوو. هەتاو بە هەموو هێز وگوڕی خۆی عەرزی نێڵ دەدا. تەمێکی تەنک سەر شاری گرت بوو. بۆخاوی گڵی تەڕ سیەکانی ئەندامانی کەمپەینەکەی سیخەناخ کرد بوو. سەر کوولەکە و سەر چەوەندەرەکان دیار نەبوون. دەستەی بەڕێوەبەری کەمپەینەکە لە هەموو ڕۆژێک سەر ودڵخۆش تربوون. دوو کەس چوبوون بۆ کڕینی کەل وپەلی پێویست. دوو ماشێنی باری بەکرێ گیرابوون بۆ ڕاگوێزانی یارمەتیەکان بۆ مامۆلان. ئەو بەپێی بەڵێنێکی کە دابووی، خۆی لە گەڵ بارەکان وەڕێ کەوت بوو. شەو سەعات دوازدە گەێشت بوونە مامۆلان. لوڕەکان بەسینگێکی ئاواڵە ولێو بەبزە بەرە وپیریان هات بوون. وت بوویان یەکەمین کاروانەکانی یارمەتی لە شارە کوردەکانەوە هاتوون. چووبوونە

بەر دەرکەی مەدرەسەیەک. دەستەیەک لاوی کەوا و پاتۆڵ لەبەر و جامانە لەمل، لە ماوەیەکی کەم دا بارەکەیان بەتاڵ کردبوو. قوتابخانەکە دوو نهۆم بوو. ژێروەی عەمبار و سەرەوەی بۆ حەوانەوە و خەو تەرخان کرا بوو. پیر و ماندووەکان لە سەرەوە خەوت بوون. لە خوارێ کوڕان و کچان لە ژوورێکی گەورە کۆ ببوونەوە. گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕیان خوێندبۆوە، ئەوەش تۆزی ماندووی لە جەستەیان دەتەکاند و ورەی بەرزتر کردبوون.

پاش تێ پەڕاندنی  ئەو هەمووە ڕێیە، سەرەڕای ژانی زۆری ئەژنۆکانی هەستی بەشەکەتی نەکرد بوو. بیری کردبۆوە لەدونیا دا بلێی چ شتێک خۆشتر بێت لەخزمەتی گەل وڕاپەراندنی ئەرکی خەڵکی. بەدەم دۆزینی گلۆڵەی خەم وخولیای ئاواتەکانی وەردە وردە پێلوی چاوەکانی قورس ببوون. خەو باڵی وەسەر زەین وخەیالی کێشا بوو وبەرەو دونیایەکی نادیار ڕاپێچەکی دابوو.

- زۆر ماندووی؟

- نا! من ماندوو نیم.

- ئەی ئەو ناڵە ناڵەت لەچییە؟

ئەم وتبووی ژانی ئەژنۆکانی کوشتوویەتی. ئەو بە ئارامی لەسەر ئەژنۆیەوە دایماڵی بووە خوارێ. وەرد وردە لەگەڵ دەستی ئەو، ئەم هەستی بە دەرچوونی ئێشی ئەژنۆی

لەسەری پەنجەی لاقی کرد بوو. هەستی کردبوو ئەو پیاوەی لەماڵی هەرای لێ کردبوو. ئێستا کراسێکی پرتەقاڵی بێ قۆڵی لەبەر دایە. کڵاوێکی ڕەشەی لەسەر ناوە، قژەسەری لە ژێر کڵاوەکەیەوە وەک کلکی ئەسپ هێناوەتە دەرێ. قژی وەک ئاڵا دەشەکێتەوە. ئەو پرسیاری لێ کردبوو خۆ ئێستا ئەژنۆی ناهێشێ، دەی هەستە با بڕۆین. دەستی گرت بوو وەک پەڕەکایەک لە سەر جێ وبانەکەی بەرزی کرد بۆوە و لەتای کراوەی پەنجەری دیوەکەوە بەرەو مانگ ڕفاند بووی. پۆلێک لاو بەجلی کوردی وجامانە لەمل، کۆلێک بە کۆڵەوە. وەک پۆلێک خاسەکەو قاسپەیان دەهات وسرودیان دەخوێند، بە ڕەوەزە بەردێکی زۆر ئاستەمدا هەڵدەگەڕان، کە ژێرەکەیان خەرند وهەڵدێرێکی هەزار بە هەزار بوو. بەسەر دەنا و زەردە کێو، وشتران کێوو قەڵاقیران دا تێپەڕی بوون بۆ دالاهۆ، بۆ ئەزگەلە و سەر پێڵ. بۆ ناو خێوەتێکی شێدار، کەلە ژێریدا مناڵێکی ساوا بەدەم ژانە زگەوە دەی ناڵاند، خەوی لەچاوە سیسەکانی دایکی زڕاند بوو. دایکی بەدەم خەوەوە دەستی بەزگی دا دەهێنا ودەی گوت: دەستی من نەبێ دەستی ئایشیلێ وفاتمان بێت، بەتری کەی، بەتسی کەی، لە کونە بۆرەوە دەری کەی. بۆ دەوری خێوەکەی خاڵۆ ڕەحمان بەو سمێڵە زلەیەوە کە پەیتا پەیتا بەرد و بلوکی دەکێشا بۆ دەوری خێوەتەکەی کە با نەی فڕێنێ. لەوێش تێ پەڕین بۆ ئاویەر وئارێز، بۆ سەر زرێباری شۆخ وشەنگ. بە دیتنی ئەوان هەرچی ماسی بوو سەریان لە ئاوەکە دەرهێنا، لەسەر کلک دەس دەکەن بە سەما کردن. مراوی

جەلە دەبەستن   وەک بە دەوری زاخەیەکی نەبیندراو بخولێنەوە  بە ئاسماندا  وەک گەردەلول باوەخولێ دەکەن سوور دەدەن. ئەو بەو دەستەبەتاڵەی ورکە نان بۆ ڕۆژە سارد وتووشەکانی ماسی ومراوی ناو زرێبار ڕۆ کرد. هەر بەو دەستەی پرچی ئاڵۆزکاوەی ناو قامیشەڵانەکەی قەراغ زێیەکەی شانە کرد. دەم وچاوی زرێباری شۆرد و پێسایی لێ سڕیەوە.  بێ ئەوەی بێڵێ وچانێک بدا لەوێوە گورجێ دەی فڕێنێ   بۆ لێڕوارەکانی میراجی. قۆچ سوڵتان، فەیلەقووس وقووچەلووس. دەستەیەک لاوی ڕەزا سووک بەبێ ئەوەی لەسەر دەستی هیچ شێخ و خەلیفەیەک تۆبەیان کردبێ، دەبنە دەروێش. جەزم دەبن وبەزکری خوایا وەتەن ئاواکەی ئاوری لێڕەوارەکان هەڵ دەلووشن، قژ وکاکۆڵی دار بەڕوەکان بەشانە دەکەن.

لەوێوە گیشت بوونە ئاوایی پێڵە وسەلاسی، لەپەڕ بروسکەیە لەعەرزیەوە بەرەو ئاسمان چەشنی داڵێکی شێت ڕوو لەوان باڵی گرت بوو. ئەم ئەمەی زۆر پێ سەیر بوو، پرسی بووی لەوەتی برووسکە بووە هەر لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی داخزی بوو. ئەم گوی تێوە بوو ئەو تەنیا ئاخێکی قووڵی هەڵ کێشابوو. چەشنی قومریەک بەدەم پێکانی تیری چڵکنێکەوە باڵی فرینی شکابێ، بەحەواوە دەیان تلی دابوو کەوت بووە خوارێ. ئەو دەیان جاری وەک قومری بە دەوری لەشە لەخوێن گەوزاوەکەی ئەوەوە سووڕی دابوو. گماند بووی، ژێر و ژووری کردبوو. ئەو هەر هەڵ نەستابۆوە.

ئەو بەتەنیای باڵی گرت بوو بەرەو قەراغ شاری مەریوان، بەورەو دارسیران، بەرە وگەڕەکی سەرخۆش وئارەق فرۆشەکان هەڵزنا بوو. بەرە وگۆڕستانە پیرەکەی شار، جەماعەتێکی زۆر  لە دەوری هێلانەی جوتێک قەقنەس ئاپۆڕەیان دابوو. کچێکی چاوشینی قژکاڵ چاویلکەیەکی سپی لەچاو، قامکە باریکەکانی پەنجەی دەستی پێکەوە لکاندبوو. وەک نووکی ڕمبێکی تیژ لەسەر دڵی خۆی دا بوو. وت بووی: دایە، دایە! ئەگەر پیاو بکوژن ئێشی هەیە؟ دایە، دایە! ئەگەر مێرووله بکووژن خوێنی لێ دێ؟!.

ئێوارێە و کوڕگەڵ ماندوو. پاش تێ پەڕاندنی ڕۆژێکی دژوار لەناو وەتاغی سایپادا پاڵیان داوەتەوە ولاقیان لێ درێژ کردووە، نەر نەرم گۆرانی دەڵێن. سێ کەس لەسەر تاجی سایپایەکی شین دانیشتوون  وردە بارنێک بەبێ دەنگی لەچاویان دەبارێ. مانگ بەتاقی ئاسمانەوە وەک ئەوەی نەبای دیبێ نەبۆران، دەبریسکاوە وڕووناکی بەتاریکی شەو دا دەپڕژاند. نیسێی پیاوێک بە کراسێکی بێ قۆڵەوە کە جار جارە سەوزێکی بەهاری وجار جارەش پرتەقاڵی دەنوێنێ لەسەر تەوێڵی مانگ دەبینرا. کڵاوێکی ڕەشی لەسەر نابوو، قژی وەک کلکی ئەسپ لەپشت سەری بەست بوو، لە ژێر کلاوەکەیەوە هێنابوویە دەرێ. با چەشنی ئاڵا  پرچی دەشەکاندەوە.

ناسر وەحیدی

١٠ سپتامبر /  ٢٠١٩